40

# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها .

**ژمارە ٤٠ ـ ٣ی سەرماوەز ٢٧١٨**

**■ چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

کوردستان حاجبی

خەدیجە جاوید

پەروین شێخی

شەرمین ساڵحی

بیژەن ڕەحمانی

موحسین سوبحانی

ڕەحمان جەنگ

ناسر فەتحی

**■ وێنەی ڕووبەرگ:**

**گوڵاڵە ستاوەند**



| RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ تەنها.**

- **چیرۆکی کارگەیی**

- **ئەم ژمارەیەی چیرۆکەڵە تایبەتکراوە بە:**

**یادی نەمر یای مریەم قازی.**

- **ئامادەکاران:**

**ئەمیر سیراجەدین**
**ناسر فەتحی**

**٣ی سەرماوەز ٢٧١٨**

ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم

**"چارشێو"**

کاتێک تووکی ســـەری وەری؛ بیری لە تەمەنی مێرمنداڵیی دەکردەوە؛ ئەوکاتەی تووکی سەری لەگەڵ شۆڕش کەوتبووە ژێر تەوژمی زۆر.

لە تەمەنی هەژدە ســـاڵان دا وەک مامۆســـتای قوتابخانە دیاریکرا و ڕەد بۆوە؛ چونکە چلێک تووکی ســەری، بەدیار بوو! لە تەمەنی بیســت ســاڵان دا وەک پەرەســتار دەرچوو؛ بەڵام دوو چڵ تووکی ســـەری بەدیار بوو! لە تەمەنی بیســـت و پێنج دا وەک کارمەندی زانکۆ دەرکەوت؛ بەڵام سێ چڵ تووکی سەری بەدیار بوو.

گەڕاوەبوو کە بەرەوپیری شێرپەنجە چوو. تاقە چلێک لە تووکی سەری بەدیار نەبوو!

✍ بیژەن ڕەحمانی

## "ژیان لە دوو وەرزدا"

لە بەیانی ئەو ڕۆژدا کە لە ماڵێدا بووڕایەوە و بەرەو نەخۆشخانەیان برد، ژوورەکان و هەیوان و هەموو دیوارەکان و کتێبخانە و ڕەفەکان پڕ بووبوون لە پیلە و ماشۆت. پەنجەرەکان وەک چاوەنۆڕی شتێک بن نیوە باز مابوونەوە. ئینجانەکان تەماداری تیشکێک بوون لە پەنجەرەکانەوە بەلایاندا بێت. کتێبەکان بە ڕیز وەستابوون تا بەخت یاری کامەیان بێت بەڵکوو پیت بە پیت تێکەڵ بە ڕووناهی چاوی ببنەوە. کورسی تەنیشت مێزەکە لە ئەسپی ناو ڕازەیەک دەچوو بۆ شۆڕە سواری خۆی بگەڕێ. قاقەز و قەڵەمی سەر مێزەکە وەک بووکێک بەرەو باوان نەبووبێتەوە و هێشتاش جلی سپی شەوی یەکەمی لەبەردا بێت، چاوەڕوانی ئەو هزرە بوون چیرۆکێکیتریان لەسەر بکات. دەرگای ژوورەکان، دۆلابی جلەکان، کەل و پەلی متبەخ، پێپلیکانەکان و باخچەی حەوشە و هەتا چراکانیش جامێک هیوایان لە پشت ڕژاندبوو بۆ گەڕانەوە.

ئەو ڕۆژە و لەو نەخۆشخانەیەدا بەشی هەموو نەخۆشەکان هیوای لە هەمانەدا بوو. ئەو بێهۆش بەڵام ئەرخەیان بەسەر تەختەکەدا ڕاکشابوو. بە ڕواڵەت لە کەس و کار و هاوڕێ و دوکتۆر و پەرستارەکانیش هێورتر بوو. دواجار کە بردیانە ئەو ژوورەی پڕ بوو لە ئامێر و کەرستەی پزیشکی و چەند دوکتۆر و پەرستارێک لە دەوری کۆ ببوونەوە، نزا و پاڕانەوە لە پشت ئەو شووشەیەدا کە دەیڕوانییە ژوورەکە کەوتبووەوە نێوان ئەو و بنەماڵەکەی. گشت چاوەڕوانی گزینگی نیگایەک بوون. هەمووان بە ئاوات بوون جارێکی دی ئەو دەستانە ببزوون، ئەو چاوانە بکرێنەوە و ئەو ژیانە بژێتەوە کە چەند ساتێک لەمەوبەر زەمان خۆی لێ دریخ کردبوو. دوکتۆرەکان وەک شتێکیان لە کیس بچێت شپرزە بوون. پەرستارەکان هەموو هەوڵێکیان دەدا هاوڕێیەکی خۆشەویستی چەند مانگەی سەردەمی شیمی دەرمانی بگێڕنەوە. سرۆمەکان بە تەوژمەوە دەرمانیان دەگەیاندە جەستەی. دەمامکی نەفەسبەر بە تاسەوە هەناسەی بۆ دەدا. ئەو ئامێرانەی تەنیشت تەختەکەشی لە کێشمەکێشی ژیان و مانەوەی خەتێکی ناڕێک بوون کە بیسەلمێنی ئەو چیرۆکە هێشتا تەواو نەبووە.

لەپڕدا ئەو جەستە نیانەی بەسەر تەختەکەدا ڕاکشابوو ئاسوودە لە هەموو ژاوە ژاوی ناو ژوورەکە، سپی سپی هەڵگەڕا. لە نێوان سەرسوڕمانی دوکتۆر و پەرستار و کەس و کاریدا بوو بە جەستەیەک لە هەڵم. هەڵمێک هەموو ناخی تێدا بە دی دەکرا. ئامێرەکان وەک تەوسیفی ئەو دۆخەیان بۆ نەکرێ بە نیشاندانی شێوەی خەتێکی ڕاست لە شاشەکەیان، حەپەسابوون. دەمامکەکەی چون زارێکی کراوە، لە سەرسوڕماندا هەناسەی بۆ نەدەهات.

سرۆمەکان مۆلەق مابوون. دۆشەکی سەر تەختەکەش وەک هەتا ئێستا قورسایی جەستەیەکی نەخۆش گرمۆڵەی کردبێ و ئەمێستا هەستابێتەوە، چرچ و لۆچی نەما....

ئەوە ئەو بوو گەڕابۆوە. هەمان ڕۆحلەبەر بوو بە کراسێک لە هەڵم. بە فەقیانەیەکی گزینگەوە. بە پرچێکی پڕیشکەوە گەڕابۆوە بۆ ماڵێ. بووبوو بە گلۆڵەیەکی لە هەڵم و بە ژووەکاندا دەگەڕا. ئێستا هەموو ئەو پیلە و ماشۆتانەی ئەم بەیانییە ژوورەکانیان تەنیبوو بووبوون بە پەپوولە و بە دەوریدا دەسووڕانەوە. سۆما و سیواتی کتێبەکان هاتبۆوە. هەنووکە پەنجەرەکان بێ نیاز لە تیشک و گزینگ ڕوویان لەم پڕیشکە بوو. ئینجانەکان نووریان لەو دەخواست. کورسییەکە وەک تازە زین کرابێ بە دەمیەوە دەحیلێنێ. بە خۆی و پرچی پڕیشک و کراسی هەڵماوی و فەقیانەی تیشکەوە، بەو هەموو پەپوولانەی تازە لە پیلە ترازاون دێت و لەسەر کورسیەکەی جارانی دادەنیشێ. قاقەزی سەری مێزەکە چەند جارێک ڕێک و پێک دەکا و قەڵەمەکەی هەڵدەگرێ و چیرۆکێکی نوێ دەنوسێتەوە:

"ژیان لە دوو وەرزدا...."

✍ **موحسین سوبحانی**

## "گوڵی مریەم"

لە هەر قامکێکی هۆنەرێک دەباری پێیان دەگوت؛ "پەنجە تەڵا!"

چاوە ڕەشەکانی گەش و ڕوون بوون بە ڕوونی کانیاوێکی بێ خەوش' بزەیەکی نەرم و کاڵ لێوە تەڕەکانی پتر ڕازاندبۆوە!

شەو زرینگابوو'مانگ بە تاقی ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە' لە سەر تەختەکەی ڕاکشا بوو و لە کەلێنی پەردەکەوە چاوی لە مانگی چاردە بڕیبوو هەناسەیەکی هەڵکێشا و گوتی:" چاردە شەو تێپەڕی و هەوڵ و تێکۆشانم بێ ئاکام مایەوە' ئەو بەستزمانە هەر لەو دۆخە نالەبارە دایە و دڵی بەردەوام وەکوو گونی هەلاج لێدەدا!

هەر بەڕاست بە چ تاوانێک حوکمی سێ دارەی بۆ بڕاوەتەوە؟!

ڕووناک لە گەڵ دەسرێژی پیاوێک بەرامبەر بۆتەوە و بۆ بەرگری و دیفاع لە خۆی تووشی ئەو قەتڵە بووە!

بیرکردنەوە لە ئاکامی چارەنووسی ڕووناک ئازاری دەدا!

هەستا و لە سەر تەختەکەی دانیشت و لاقی شۆڕ کردەوە هەناسەی سوار و زاری وشک بوو' چەند خولەک لەو حاڵەتەدا ماوە'پاش ماوەیەک پشووی هاتەوە بەرخۆی'هەستا پەردەکەی کێشا و برقەکی هەڵکرد' ڕۆیشتە پشت مێزی متالاکەی و بە تامەزرۆییەوە پێنووسەکەی هەڵگرت و چەند ڕستەی لە سەر لاپەڕەیەکی سپی ڕۆژمێرەکەی نووسێ;

سەری خۆم هەڵدەگرم و ڕەدووی بایەکی بێوادە دەکەوم' ئێشم زۆرە' دەبێ زەوی لەوەی کە هەیە هەراوتر بکەم' پارچەیەک ئاسمانی بۆ ڕاگوێزم و خۆر و مانگ و باران و ئاااى...

پێنووسەکەی دانا و پشتی ڕاست کردەوە و دەستی خستە پشت سەری' کەوتەوە بیری هەلاڵە و چارەنووسی تاڵی ئەو...

ئەسرین و نەهێنیە هەرگیز نەدرکاوەکانی...

نەشمیل و منداڵە بێ باوکەکانی...

بەهارە و مێردی ون بووی...

ڕووناک و قەتڵی ناموسی... و دەیان و سەدان ژن و کچی کوڵۆڵ کە سەبارەت بە مافی خۆیان بێ ئاگان.

لە ژێر لێویەوە گوتی: "من بەڵێنم داوە هەتاکوو دوایین هەناسەی ژیانم یارمەتیدەریان بم سەرچاوەی ژیانی من تێکۆشان و نەوەستان بووە دڵنیام دەتوانم". دەستی درێژ کرد و کتێبێکی لە قەفەسەی کتێبخانە دەرکێشا و هەوڵ لاپەڕەی لێ خوێندەوە: "ئەوە چارەنووسی تۆیە هەلاڵە' کە خەنجەرێک شاخەو شاخ شارەو شار و وڵاتەو وڵات شوێنت بکەویٚ تا لێرە' لە ستۆکهۆڵم' لە گەڕەکی فلەمینسبرگ' نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی ژمارە هەژدە لە سنگت بچەقیٚ!". لەو چەند ڕستەیە ڕاما کتێبەکەی پێکدادا' سەری هەڵبڕی و چاوی لە کات ژمێری ژوور سەری کرد شەو درەنگ بوو و کات لە نیوەشەو تێپەڕ ببوو' بە ئەسپایی لە سەر کورسیەکە هەستا و برقەکەی کووژاندەوە و پەردەکەی لادا و چاوی لە مانگە شەو بڕی لە بەر خۆیەوە گوتی: "تۆ بلێی چارەنووسی ڕووناکی چیرۆکەکەی من هەمان چارە نووسی هەلاڵە بێت؟!

لە کوێی کوێستان تا ببینی دایکت بەردەوام لە نێوان خێر و شەڕدا ململانە دەکات و بڕیار وایە وەشوێن بایەکی بێوادە کەویٚ و زەوی تەنگ و بەرتەسک هەراوتر بکات تا کوو بتوانیٚ کەسایەتی چیرۆکەکانی ژێر و ژوور بکات و گریٚ پووچکەکانی ژیانیان بکاتەوە بە دەست نەکرا بە ددان!

قەدەری گێڕانەوەی ئەو چیرۆکانەم لە ئەستۆ گرتووە و تا کۆتایی وازیان لیٚ ناهێنم کچم.

چاوە ڕەشەکانی لە ژێر تیشکی مانگە شەودا دەدرەوشایەوە هێور هێور پێلووە ماندووەکانی کەوتنە سەر یەک.

بەیانی بە دەنگی زەنگی مۆبایلەکەی خەبەری بۆوە' بە پرتاو گووشیەکەی هەڵگرت' ژمارەی گەلاوێژ بوو' خێر بیٚ بەو بەیانییە!

-چ بووە گەلە قسان بکە با بزانم چ ڕووی داوە؟هێور بە کچم' چیٚ؟! ڕووناک! حوکمی ئیعدام؟!

بۆ ماوەیەک حەپەسا بوو زمانی بە سەختی دەگەڕا و قسەی بۆ نەدەهات' هەوڵی دا بە سەر خۆیدا زاڵ بیٚ و بە دەنگێکی نزم و پچڕ پچڕ گوتی:" گەلە گیان ناهۆمێد مەبە حەولێکی زۆرمان داوە جیٚ و شوێن نەماوە سەری پێدا  نەکەین ڕوومان لە هەر پیاو و ناپیاوێک ناوە' چەند کەسێکی مرۆڤدۆست بڕیاریان داوە یارمەتیمان بدەن مۆڵەتێکی دی وەردەگرین بیٚ غەم بە کچم ڕزگاری دەکەین .

بە پرتاو جل و بەرگی گۆڕی و لە ماڵیٚ وەدەرکەوت.

سەردانی چەند شوێنی کرد; دادگا' زیندان و بنەماڵەی کووژراو و...

نیوەڕۆیەکی درەنگ وەخت گەڕایەوە ماڵێ' کۆخە بڕستی لێ بڕیبوو'سەری لە گێژەوە دەهات نیزیک ماڵێ بوو بە سەختی هەنگاوی دەنا هەناسەی پچڕ پچڕ بوو کلیلی لە دەرکە نا و لە ناکاو بە لادا هات!

وەختایەک چاوی هەڵێنا کویستان لە ژوور سەری ڕاوەستا بوو.

- ئاخ دایە گیان شوکر باشی؟

- ببوورە کچم بووم بە هۆێ زەحمەتت

- دایە گیان چ دەکەی لە گەڵ خۆت؟ دوکتۆر گوتی: "ماندوو بوون بۆ تۆ ژەهرە و جێی مەترسییە تکایە ئەوەمان لە گەڵ مەکە.

- مریەم بزەیەکی هاتێ و گوتی:" نیگەران مەبە کچم برسیمە لە بەیانییەوە هیچم نەخواردووە دڵم بووراوەتەوە و تەواو! چی دی شێر و ڕێویانم بۆ مەهێنەوە تکایە!

- ئاخ دایە گیان باپیرم باشی ناسیوی شێرە ژنەکەی زمزیران!

کە وایە با هەواڵێکی خۆشت پێ بدەم تێکۆشانت بە ئاکام گەیشت ڕووناک ڕزگار بووا!

واقی وڕما' چاوە گەشەکانی زەق بوونەوە بزەیەکی شیرین لە ناخی دڵیەوە لە سەر لێوی نیشت و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:"ئۆخەیش حەسامەوە!

حەولیدا هەستێ'کویستان گوتی: "نا دایە گیان هێشتا سڕۆمەکەت تەواو نەبووە تکایە جارێ پشوو بدە. ڕوومەتە کاڵ و بێ ڕەنگەکەی سوور هەڵگەڕا بوو' بە بیستنی ئەو هەواڵە دەمارەکانی وەجووڵە کەوتبوون و خوێنێکی گەش و تازە' ژیانێکی دووبارەی پێ دەبەخشی!

ئەو ڕۆژە ئاسمان لە هەموو کاتێک گەشتر' خۆر بە تینتر و مریەم گەشاوەتر بووا!

لە دەوری باخچە خنجیلانەکەی مریەم' حەوت پەپوولەی سپی سەمایان دەکرد و دەیان و سەدان گوڵی مریەم ڕێژاژۆیان کردبوو و سەریان هەڵدابوو'بۆنی عەترێکی بلاوێن بە کۆلاندا پژابوو!!!

**✍ پەروین شێخی**

"سەفەر"

ئوتوبووس ترمیناڵ جێئەهێڵێت، هەناسەیەکی قوڵ هەڵئەکێشم و پاڵ بە کورسیەکەوە ئەدەم. ئەمە ئەتوانێ تا ئەم ساتە وەختە، باشترین سەفەرم بێت، لەوانەیە کاتگەلێ باشتریش چاوەڕوانم بکات. هەموو ئەو کەسانەی لە ئوتوبووسەکەدان تەنیا سێبەرێکن و ڕەنگ و ڕوخساریان نییە. دەنگە دەنگیان دێتە گوێم بەڵام هیچ لە قسەکانیان تێناگەم. باقی شتەکان وەکوو خۆی ئەبینم، تەنانەت ئەزانم دارەکان زەرد بوون و گەڵاکانیان وەریوون. ئەزانم ئاسفاڵتی جاددەکە ڕەشە و ئاسمان تەم و مژاوییە. ئەزانم باڵندەکان بەرەو کوێوە سەفەر ئەکەن...هیچ ماشێنێ بەرە و ڕووەمان نایەت بەڵام دەیان ماشێن بە پەناماندا ئەڕوات، وەک بڵێی هەموو شتێک سەفەر ئەکات، ڕۆژ، ڕۆژی سەفەرە و کەس مەیلی بە گەڕانەوە نییە. هەوا بوومەلێڵە و دنیا لە بێدەنگی تەواودا نووستووە. شیشەسڕی ئوتووبووسەکە، بارانەکە ئەسڕێتەوە، جاددە لە باران پڕە. پێچ بە پێچ سەیری وێنەکانی دەکەم. دەنگی موزیکێک دێتە گوێم، هەموو شتێک خاو دەبێتەوە. وەک نەوارێک کە زەبتەکە، بیخواتەوە. دەفتەرە بەرگ سوورەکەم لە بەر دەستمدایە و پێنووسەکەم لە دەستما ئەسووڕێنمەوە. چاوم لێک ناوە و دەنگی دێتە گوێم، بە خۆمدا دێمەوە، سێبەرەکان خەریکن لە ئوتوبووسەکە دائەبەزن؛ خێرا شتەکانم کۆ ئەکەمەوە و منیش دائەبەزم. ئەمە یەکمجارە بە تەنیایی ئەوەندە دوور سەفەر بکەم. دەنگی پێی دەبیستم، درگاکەم لێ دەکاتەوە، تەواوی ماندوویێتیم ئەحەسێنێتەوە، هێشتا پێنووسەکەم لە دەستمدایە و قایم دەیگووشم. لاوازتر لەوەیە کە بیرم ئەکردەوە، قژی هەمووی وەریوە و چاوەکانی بە قوڵدا ڕۆشتووە، بەڵام هێمنی چاوەکانی دایکمی تیا ئەبینم. چاوانی پڕن لە ژان، پڕن لە ئەشق، پڕن لە چیرۆکی ناتەواو، پڕن لە خەونی ئازادی و پڕن لە... یەکتر لە باوەش دەکەین، هەناسەیەک قوڵتر هەڵدەکێشم، ئەم حەسرەتەیشم بە دی هات. بەرەو ماڵەوە ڕێنوێنیم ئەکات. هیچ کات تا ئەم ڕادەیە ترسنۆک نەبووم، ئەڵێ: کچم مەترسە بەردەوام بە... وشەکانم لە هێڵی دەفتەرەکەم خوار و ژوور دەبن. پێنووسەکەم لە بەینی قامکەکانمدا دەسووڕێنم، هێڵەکان ناپێکم... بە شوێن کاتژمێرێکدا ئەگەڕێم، چەنێ کات درەنگ بووە. هەر سات ئەگەری گەڕانەوەم هەیە، ئەڵێم هاکا گەڕامەوە؛ بزەیەک دەیگرێ و بە ئاماژەی چاوەکانی دامئەنیشێنێتەوە. لاپەڕەیەک لە دەفتەرەکەم خەتخەتی ئەکەم؛ بە دەنگی بەرز پێئەکەنێت بەڵام هەناسەی لە قوڵمی گریانا ئەگیرێ و بە کۆخەکۆخ دەکەوێ. کچم بەردەوام بە! "شۆفێرەکە هەندێ ئاوێنەکە دەسووڕێنێ، سەیری پشتەوەی دەکات، سووچی چارشێوەکەی لە سەر ڕوومەتی لاداوە، بە خێرایی پێ بەسەر تورمزدا دەنێت. ئاوێنەکە دەخاتە سەر جەستەی. ژنەکە چەند جار دەرگای

یەخچاڵەکە دەکاتەوە، منداڵە یەک ساڵانەکەی، خۆی بە داوێنی کراسەکەیدا ئاڵاندووە، کوڕە پێنج ساڵانەکەی دەگری، بە نێو قوڕ و چڵپاوی کۆڵانەکەیاندا دەڕوات. ماشێنێک لە بەردەمیدا دەوەستێ... فریای تەواو کردنی چیرۆکەکەم ناکەوم" دێمەوە! کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆیە، جەستەم لە ئارەقدا خووساوە. ڕوخساری  لە حاشییەکی ڕەشدا دێتەوە پێش چاوم. ماڵئاوایی چیرۆکێکی بێسنوور...ئەرێ خاتوونەکەم هەموو شەوێ بە چیرۆکی مەرگی تۆ خەو ئەمباتەوە، چاوەکانی تۆ میراتی سەفەری من بوون...

**✍ شەرمین ساڵحی**

## "ئەوەڵ دیدار و ئاخر دیدار"

تازە لە فێرگەی هاتبوومەوە، زۆر ماندوو بووم. بڕێکم چاو لەسەر یێک دانا پێنج خولەکێک چاوم گەرم کرد لە ناکاو گوێم لە دەنگێک بوو. دایکم بوو زوو زوو لە پەنجەرەی دەدا

- کوردە کوردە وەرە.

ڕاچڵەکام، هەستامە سەر پێ:چ بووە دایە؟ چ قەوماوە؟ -وەرە کەسێک چاوەڕێتە زووکە با مەعتەل نەبێ عەیبە. لێچکەیەکم بەسەر دادا و ڕۆیشتمە بەر دەرکەی. حەبەسابوو، وەمدەزانی خەونە. بڕێک تێیدا ڕامام، سڵاوم کرد و ئەویش زۆر بە گەرمی سڵاوی وەرگرتمەوە دەستی هێنا پێشێ و یاڵڵای لێداوە، چاک و خۆشییەکی گەرم و گوڕمان کرد،دەتکوت زۆر لەمێژە یێکتر دەناسین، هەر لەو ئانەیدا سووکنایی بە دڵمدا هات، خۆشییەک تەواوی دڵ و دەروونمی داگرت، پێم خۆش نەبوو دەستم لە دەستی بێتەوە.

- دایکت فەرموویەتی لە فەیسبووک هاوڕێمی.

بەخۆمدا هاتمەوە

- ناوەڵڵا لە کۆڕی کارگەی چیرۆکی بێ سنوور لەگەڵتانم. نێوم کوردستانە کەم کار دەکەم لەوێ.

وەبیری هاتەوە و لەبەر خۆیەوە

-کوردستان زەحمەتی تایپی کێشاوە.

- بۆخۆمم.

سەری هەڵێنا و ڕووی لە دایکم کرد

- ماشەڵڵاچاک فێری کوردی بووە

ڕوویەکی لەمن کرد

- دەچی بۆ کلاسێ؟

- ناوەڵڵا بۆخۆم خوێندوومە.

زۆری پێ خۆش بوو. پاشان دایکم کوتی مەجەلەکەشتان چاپ بووە.

ڕووی لەمن کردەوە

- گۆڤار؟ کام گۆڤار؟

- گۆڤاری هەژێن.

-ئەی کەلە پووک بۆ بۆت نەهێناوم؟

پێکەنیم و کوتم پێم عەیب بووە بێمە ماڵتان.

- لە جیرانییەتیدا هاتوچۆم ناکەی؟

شەرم گرتمی و سەرم داخست.

- هەتە ژمارەیەکم بۆ بێنی؟

بەڕاکردن چوومەوە ژووریَ دوو ژمارەی گۆڤارم هێنا یێکیان وتووێژ لەگەڵ خۆیانی تێدا بوو ئەوەی دیکەشی تازە چاپ کرابوو و وتاری خۆمی تێدا بوو. بردمە خزمەتیان چاوێکی لێکرد و هەڵیداوە بە خەتێکی گەورە نووسرابوو وتووێژ لەگەڵ مریەم خانمی قازی. هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستم و بەرەو ماڵێ ڕۆیشتەوە.

گەر بیری دەکەم وتووێژەکەی دەخوێنمەوە، بەهەستێکی تایبەت، هەست دەکەم بۆخۆی لەگەڵم دانیشتووە و دەنگی نەرم و مێهرەبانی لە گوێمدا دەچرپێنیَ.

ئێستاش گەر بیر لەو ڕۆژەی دەکەمەوە سووکنایی بە دڵمدا دێ، خاتوونێکی گەورە، سەبوور، ئارام، بەهێز بۆتە سەرمەشقی ژیانم...

✍ **کوردستان حاجبی**

**"هەوری"**

لەو کاتەدا کە خەریک بووم بە شێعری "سڵاو فەرماندە" ت دڵنەوایی خۆم دەداوە. جگەرەکەی دەستم کە هێشتا نیوەش نەببوو، تامی نەما و، ئیشتیام بۆ جگەرەیەکی دیکە چوو. گەیشتبوومە ١٠٣٧ ساڵیی تەمەنمەوە و، هەروا کە بەدەم دووبارە گوێ گرتنەوەی "سڵاو فەرماندە"ت، بە دەنگی خۆت، جگەرەم بە جگەرە پێ دەکرد، کەشتییەکەم تەواو کرد و پێم گوتی: "فەرمووو سواربە فەرماندە، ترۆپکی ئاواتەکانم چاوەڕوانت دەکەن!"

لەو کاتەدا کە من سوکانی کەشتییەکەم پێ بوو و، تۆش چاوت بەسەر ردێن و قژە بلێندەکەم دا دەگێڕا، گوتت: "فەرماندە یەکە و نابێ بەدووو!"

بەو قسەیەت تێکچووم. بوومە دڵۆپەیەک ئاو و، بە ڕێڕەوی بیرەوەریدا بەربوومەوە ئێستا.

کاتێک لە بێهۆشیی گەڕانەوەم لە ڕابردووڕا بۆ "ئێستا" خەبەرم ببووەوە و، تۆم لەسەر سەری خۆم بینی و، پێت گوتم: "من ڕفیقی نیوەڕێ نیم!" جارێکی تریش بەربوومەوە. بەربوومەوە بۆ دواوەتر، بۆ ڕابردوو. لەبیرمە، بەر لەوەی بەربمەوە پێت گوتم: "لەوێ دەتبینمەوە."

کە چاوم پێت کەوتەوە، سەرەتا تابلۆیەکی خۆت پێ نیشان دام! یەکەم ئەزموونی نیگارکێشیت.

ئەو تابلۆیەی لە هەیبەتی "هەوری" خولقابوو.

دایکت بانگی کردی و گوتی: "لەمێژە هەرای هەوری دەکەم جوابی نیە بزانە لە کوێیە!؟"

هەوری کاردارتان بوو، کچی کافرۆشێک بوو بۆخۆی، بۆتۆش! ئاشقی ببووی. لە حەسارە پڕ گوڵەکەتانەوە بەتاڵووکە خۆت گەیاندە حەسارەکەی تەویلەی لێ بوو. کە چووی هەوری لە کادێن، خەریکبوو خۆی دەشووشت، پەیکەرەیەکی یۆنانی کە لە جوانی و ڕێک و پێکیدا شتی وا نابێتەوە. کە تۆی بینی دانیشت و بە قژە رەشەکانی کە ساف و لە سەر کەمەری بوون، خۆی داپۆشی. بەڵام بەسەر ئەو بەژنە مەرمەڕینەی دا هەر دەتگوت مارێکی رەشە و لوور بۆتەوە. سەرت لێ شێوا، بەهەڵاتن چوویە دیوی کتێبەکان و کۆمەڵێک کەرەسەی شێوەکاریت دۆزییەوە و دەستت کرد بە کێشانەوەی. هێندە جوانت کێشابووەوە، خۆشت سەرت سووڕ مابوو. وێنەکەت بردە لای مامت. مامت شێوەکارێکی بە نێو بانگ بوو. ئەویش ڕێنوێنییەکی کردی و ئیتر تابلۆکەت بووبە شاکار.

تابلۆکەت برد و نیشانی هەوریتدا. هەوری بە سەری خویدادا و گریا. پاڕاوە و گوتی: "کاکم بزانێ دەمکووژێ!"

ئاخر چونت دیبوو ئاوات کێشابووەوە. مامت شەیدای تابلۆکە ببوو. هەموو روژێ دەهات چاوی لیدەکرد و تێدا بزر دەبوو. ئەوەش هەوریی زۆر ئازار دەدا، هەتا رۆژێک هەوری تابلۆکەی شاردەوە و حاشای لێکرد. سوێندت بۆ خوارد کە بۆخۆت چاکتری بیشارییەوە و نەهێڵی کەس بیبینێ. داییەوە. رۆژێک کە بۆ هاوڕێیەکت بردبوو و پیێت نیشان دابوو و ئەویش داوای لێ کردبووی بیدەیەی و تۆش نەتدابوویە؛ هەوری لە بەر ئەوەی سوێندەکەت شکاندبوو، تابلۆکەی لێ سواخ دابووی و لێ شاردبوویەوە. هەرچۆنێکی بوو دۆزیتەوە و چاکت کردەوە و ئەمجارە بەیەکجاری شاردتەوە.

بۆ گەڕانەوەیەکی دیکەت بانگهێشت کردم.

لەسەر گۆڕی شەهیدێک بە بێدەنگی دنیایەک قسەت بۆ کردم. .

سەرمان لە نەخۆشخانە دەرهێنا. نەشتەرگەریت بۆ کرا. خەمۆکی دایگرتی. بۆ دڵی خۆت شتێکت نووسی و چاک بوویەوە.

پێنووست دەدواند. سەمات پێ دەکرد. ڕێک لە سەردەمی سەمای پێنووستدا یەکترمان ناسی. ئەوە چ ناسینێک بوو کە نە یەکترمان دیتبوو، نە هیچ؛ کەچی ئەوەندە شەڕاب ئاسا کۆن دەینواند.

خەریکی کارکردن لەسەر بەرهەمە نیوەچڵەکانت بووی.

گوێم لێیە، ئەوە دەنگدانەوەی دەنگی دێوەزمەی مەرگە، کە لە کاسەی سەرتەوە دەگاتە گوێم! دەترسی! ئەو ترسە بۆ منیش ئاشنایە؛ ترسی تەواو نەبوونی پرۆژە نیوەچڵەکانت.

٩٠ جەلەسە شیمی دەرمانی جا چییە بۆ تۆ؟! ئەی ٣٠ جەلەسە برق و چارەسەر بە تیشک کە هەموو گیانتی داپلۆخاندبوو؟!

لەکاتێک دا کە هیچ هیوایەکت بە چاک بوونەوەت نەبوو، چی بوو تۆی سەرخۆش ڕاگرتبوو؟ وشە؟ وشە؟ دیسانیش وشە؟!

جاری چوارەمی نەشتەرگەریت، دوای نەشتەرگەرییەکەت قسەیەکی جوانت پێ گوتم: "لەوەتی جواب کراوم زۆر باشترم. مەرگی کوتووپڕ زۆر ناخۆشە؛ خۆشحاڵم دەزانم بەمزووانە دەمرم، چوونکە ئەم زانینە دڵم منداڵ دەکاتەوە!"

دایکت دەیگوت: "ئەو دەمەی کە هاتییە دنیا، چوار ئەستێرەت لە پەنجە بچکۆلانەکانتدا حەشار دابوو." دەیگوت: "فێرم کردی بیانژمێری نەکا ئاسمان لە دوا رۆژدا حاشایان لێبکا!"

دواجار، بەر لەوەی من بەرێ بکەیەوە ئێستا و خۆت سەفەر بکەیەوە داهاتوو، دەستت گرتم و لەگەڵ خۆت بردمت بۆ سەردەمێک کە بۆخۆشت هێشتا تێیدا لەدایک نەبووی. ئیتر لەوێ "هەرچوار ئەستێرەکەت لە دەسرەیەک چنینەوە و، داتە دەس ئەو شێتووکەیەی لە چوارچرا بە پای پەتی غاری دەدا..."

تابلۆی دوا سەفەرەت، تابلۆیەکی بێ وێنە بوو. هەوری بە رووتی دەگریا و پرچی رەشی کردبووە چەتری سەری هەموان، جگە لەتۆ!

✍ **ناسر فەتحی**

## "کێ دەتوانێت بێتە نێو دونیای تۆ؟"

دەمەویست پێت بڵێم : شتیکی ئاشنا لە تۆدا دەبینم، پێموابوو پێشتر تۆم دیوە، لە کوێ؟ نازانم، گرینگ نیە تۆش نام ناسی، نازانی کێم؟ ئەوانە ئەو هەستە بوون کە ئەو ڕۆژە نەم درکاند و لای خۆم هێشتمەوە. بەڕێکەوت تەنیا چەند خولەک بە بیانووی کتێب لە پەنات وێستاوم. دواتر چەند وشەی ئاسایی وەکو تەواوی ئەو مرۆفانەی یەکتر نا ناسن و تەنیا دەیانهەوێ شتگەلێکی شاراوە لە بەرامبەرەکەیان بدۆزنەوە و پاشان بە بێزاریەوە لا کەنەوە وبێ ماڵ ئاویی بڕۆن. ڕەنگە دوو بەیانی تر لەشەقام بمبینی لە دڵتدا تۆش بەخۆت بڵێیت: ئێی ئەوەم جارێکیتر نەبینیوە؟

لەو بیرۆکەیە تووڕە دەبم، تووڕەییەک کە هیچکات لە کەسێکی نەناسیاو ئەوندە تووڕە نەبوبێتم، دواتر دەڵێم : من تۆ دەناسم، منیش کە خۆمم. خۆشت حەزت لە هەر کەسێکە ئەو بە! ئەوەش بەشی دوهەمی ڕازی ئەو ڕۆژە بو! نەمدرکاند ! ببورە کە کاتم گرتی، تەواوو. ماڵ ئاوا.

هەمووی ئەوانە؛ چەند ڕستەی کورت بوون، چند وشەی نا ئاسایی، هەڵبەت بۆ تۆ. بەڵام نەدەکرا لە بیرت کەم، تەنانەت خۆشم بکوشتبا شێوەووو ڕوخسارت کە بە ڕێکەوت یەک جار بینیبووم لەبیر نەدەچووە. چەند خولەک لە پەنات وێستام ولە بارەی کتێبێکی بەرگ بنەوشەیی قسەمان کرد.بە جورێک خۆم ناساند « منیش هۆگری کتێبم، ئە دە بیات » لە تەواوی ئەو ماوەیەدا تۆ بیرت لە شتێک دەکردەوە کە هۆشتی پڕش و بڵاو کردبۆوە، تەنیا وتت: « منیش دە ستێکم لەو کارە دا هەیە». تێگەیشتم دەنووسی. ئەدرەس ئیمەیل و شومارە تەلەفونی خۆمت پێدەدەم ودەڵێم : ئەگەر حەزتان کرد بابەت و وتارەکانت بەو ئیمێلە بنێرە بۆم، زۆر خۆشحاڵ دەبم ئەگەر... پرێشان دیاری و وپەنجەکانت بێ ئۆقرە لەسەر دەسکی جانتاکەت دەهێنی ودەبەی. لەچکەکەت چۆتە بۆ دوواوە و قژت لە trووسکایەکی ڕەشدا دەدرەوشێتەوە. دەتەوێ قژەکانت بەزۆر بخەیتەوە ژیر لەچکەکەت، بەڵام دیسانیش تاڵە مووەکانت بزۆزانە خۆیان دەخزێنەوە دەر. جانتاکەت لە شان دا دەگری و لەسەر مێزێکی پر لە کتێب دای دەنێت، جانتاکە شل و نرم وەکوو تویەکی شیرین هەڵ دەوەرێتە سەر ڕوخسار و ناوی نووسەری کتێبێک. تاڵ موویەکی ڕەش لەژێر جانتاکەت پەلە قاژەی هاتنە دەریەتی. نیگام دەگەرێت لە شوێن نیگای نووسەرەی ئەو کتێبە کە لە ژێر جانتاکە شاراوە بو. لە کتێبەکە فاسلە دەگرم، تۆش گۆشەی سەر پۆشەکەت ساف دەکەی و دەڵێیت : " زۆر سپاس "و دەستت بەخێرای جانتاکە لەسەر روخساری ڕەوشەنی نوسەری کتێبەکە هەڵ دەگرێت و چلە مووی نوساوی سرت بە ڕووبەرگی کتێبەکەوە بەجێدەهێڵیت.

نیگام بە دوای جانتاکەتدا ڕا دەکات و بەسەر سووڕ ماوەیەوە لە شان وقۆڵتەوە دا دەخزێت. نازانم ئاخۆ " زۆر سپاس " وەرگرتنی پێشنیارەکەمە یا خود بەڕیزەوە جوابت کردووم. تۆ بەخێرایی وبە هەنگاوی بلێند دوور دەکەویت، هەرات لێدەکەم : تکایە لانی کەم ناوت، دەکرێت بزانم؟ بەدەم ڕێگەوە بێ ئەوەی لا کەیتەوە دەڵێیت : مەریەم! وشەی مەریەم لە ژێر لێوم دوپات ئەکەمەوە و پەی سەرت دێم، لە پێش چاوم ون دە بی! حەپەساو، ئەگەڕێمەوە ناو هوڵەکە. بێ ئیختیار سەیری شوێنی چوڵ وجێماوت دەکەم، شتێک سرنجم ڕادە کێشی، ناوێک! « مەریەم»! دەچمێمەوە سەر کتێبە بەرگ وەنەوشەیەکە، کە لە سەر لیژنەیەک کتێبی دەروناسی و چیرۆک داندراوە، بە نەرمی بە سەر کتێبەکە دا شۆر دەبمەوە و بە پەلە لاپەڕەکانی هەڵدەدەمەوە، نوسەرەکە سەر هەڵدێنێیت، تاڵێک مووی ڕەش بەگۆنایدا ئەخزێتە سەرچاوە ڕەشە بریسکەدارەکانی و من ئەو کاتە وێنەی تۆ، کەتۆزێ بەر لەئێستا بە جانتاکەت لێت شارد بومەوە؛ لێرە لەسەر ئەو کتێبە دەر دەکەوی، دەتبینم، مات و سەرسام لە کتێبەکە دوور دەکەوەم، چاو دەگێڕم، سالۆنی پێشانگا چۆڵ بووە، بەڵام حزووری تۆ وەکو نسێی کورتی ئێوارە لە سەر هەموو کتێبەکان بەجێماوە.

✍ خەدیجە جاوید

## "لە سەر ئیزنت"

پێشتریش، ئەو ڕستەیەی وا دەتکوت:"من لە نێو چیرۆکەکانمدا دەژیم."م لێ بیستبووی. بەڵام بە لای خۆمەوە، ئەو قسەیەم بە هەموو ناسکی وجوانییەکانیەوە، بە ناو نیشانێکی سەر ڕاست دەقەبلاند و؛ وەکوو دەنگی ناسیاوێک هەر وا لەگوێمدا دەزرینگایەوە. لە چۆڵگەی بیرمدا ورەی پێدەبەخشیم و، بە وەدووکەوتن و؛ وەدیهاتنی دڵخۆشی خۆم دەداوە. تەنانەت بیر کردنەوە لەو قسە، دەستە و یەخەی بیر کردنەوە لە "سادقی هیایەت"ی کردبووم، کە چۆن بە دیار شەمی ئاسەوارەکانیەوە هەتاکوو دوا هەناسە لە باڵشمەی ئازارەکانیدا، هەتا بە زاری خۆی فووی لە خۆڵە مێشی چیرۆکەکانی نەکرد؛ نەیتوانی دەست لە دەستی دۆی ژیان بەردات و بە ئەرخەیانی سەر کاتە سەر سەرینی ماڵ ئاوایی.

بەڵێ "فەرماندە" ئەوە و، لە یەکەم کێشکچێتی ئەو شەوەمدا ئەو فەرموودەت لە گەڵ هەموو وزە پێدانەکەی، ئاخر چیت لێ وەشارم! کە وەها دیمەنێک لای تۆ ئەفسانەیە، و ڕەنگە لێم تووڕە بی بۆیە هێندی درکاندنی شوبهاندنی قورساییم دەخاتە سەر شان بەڵام؛ تارماییەک (چیم لێ دەکەی بیکە)خورپەی داویشتمێ و چۆکەکانم نەک بلەرزن، و هێزیکی واشیان نەبوو.

بەڵێ، بەڵێ قوربان، نهێنی شەوم لە بیر مابوو.

نهێنی ئەو شەوەمان قەڵەم بوو، بەڵێ قەڵەم.

خۆمانە بدوێم !!.

باشە، بە چاوان، "باخە یای".

ئاخر قەڵەم! لەو ساتەدا وەک شەتڵێکی نەگووراو لارەمل، بە مل دێراوی دەفتەرەوە لاساری لە زمانی دووهەم کەس و، زەمانی ڕابراو دەکرد. کار کاری قەڵەم نەبوو، هەرچی ئەو قسەی ئێوە و، ئەو هەڵوێستەی هیدایەتم پێک دەگرت؛ نە وێکڕا هەڵیان دەکرد و نە لێکتریش هەڵدەوێردران.

تۆ بە شیعری بوونت بارەگای کۆچت لە سەر چیرۆک داخست و،ئەو چیرۆکی بوونی وەکوو گرپە شیعرێک، نا هەڵچونێک، دامرکانێک، نەمانێک لە بووندا، یاخۆ هەر وەکوو بوو؛ نەزیلەیەکی هەڵنەدراو ... جا کە وایلێهات خۆمانە خۆمانە دەیلێم: بەرزە یای، چیم پێ

دەڵێی بیڵێ، چیم لێدەکەی بیکە، ئاوەڵدوانە یان، زەماوندی بێ تۆرەمەی مان ونەمان؛ هەر وا لەلام ڕەش بگیر و بۆسەیە. ئەو شەوە و، شەوێکی دی و، هەموو شەوێک لە هەر سوورڕێکی ئاوەدانیم هەر لە گەڕەکی لای خۆتەوە خۆم دەدیتەوە. بەر لەسۆزی بەڵێن وکورتە نامە و سووکە کۆخەی سڵاوەکەت، لە گەڵ بست بە بستی دەرک و دیوار و دار و دراوسێشت، سەر و سڵاو و بیرەوەری و؛ بە مستێک لە سەر ڕێژی خۆشەویسیت مەستتر لە خۆم دەبووم. نەمزانی وەبەر کام ڕەوە کەوتم و، ناشزانم بە کامە کاتژمێر بیقەبڵێنم. بە کاتی وانەکانت، بەکاتی کاکەگیانت، یاخۆ شەڕناخێوی پڕڕەهێڵەی پچڕ پچڕبووی دەڵە هێڵەکان؛ بە هەر کامیان من هەر وا دواکەوتە و پەککەوتە و هەر وا چاوەڕوان. بەڵام ئەوەندەی باش دەزانم، کە نایهەوێ، پەکت بە قەبڵاندنی من نەکەوتو وە وقەت ناکەوێ، نا تۆش ناتهەوێ. دەزانم من یەکێک و ڕەنگە زەلامێک لەو چیرۆکانەتم وا بۆیان دەژیی و، پێیان دەژیی و تێیاندا دەژی. دەزانم دەزانی، چلۆن بەئاشکرا لە سەر دینی نهێنی شەو، ئەو جارە بە ئیمامەتی خۆت و دەستنوێژێک لە شۆرکەتاتی فەرماندەت ژین دادەبەستمەوە. لەسەر ئیزنت بەبەرگێک لە ئیحڕامی ڕۆمانتیسمەوە، بەدەم ڕجمی ڕیئالیتەی مەرگەوە، تەوافێکی سومبولی هەرمانت دەکەم. وەک ئەو شەوەی، لە دەربیجەی پڕۆفایلەکەتدا، لە پاڵ هەواڵپرسیتەوە لەگەڵ بێچووە مراوێکان دەدوام.دەر بیجەیەک ئەولاتر، پۆلێک گوڵە باغ بوون، قەرزی سوورییان بۆ چوار چرا دەبردەوە. دەربیجە دەربیجە دەمکێشاوە، هەڵمداوە ئەتۆ، هەڵم داوە کتێب، هەڵم داوەقەڵەم، لەمەو بەدوا هەڵمداوە هەڵمداوە، هەڵمیان لێ هەڵدەستا دەربیجەکان؛ دەربیجەی هەڵچووی "شیناوای" کچەکان...

✍ ڕەحمان جەنگ

## چیرۆکی ڕووبەرگی ئەمجارەی چیرۆکەڵە:

ئەو وێنەکارییە [ڕووبەرگ] لەگەڵ چەن تابلۆ و کاری وێنەکاریی دیکە بۆ پرۆژەی پێشانگا تازەکەم کێشابووەوە؛ هەوەڵێ بە تەما نەبووم تا ڕۆژی پێشانگا وەدەریان بخەم، بەڵام شەوێک کە مریەم خانم میوانم بوو، بۆم هێنا و هەر کە چاوی پێیکەوت، گوتی: "ئەوە من نییم !؟" گوتم: "بەڵێ جەنابتی." پێکەنی گوتی: "ئەو وێنەیەت لە کوێ بوو؟ لە ڕووی ئەو وێنەیە کێشاوتەتەوە وا هەموومان دەگەڵ دایکمین؟" گوتم: "بەڵێ لە گزینگم وەرگرتووە. کاک سەعدیش دیتی و گوتی دەبێ لێی بستێنەوە باجی." منیش گوتم: "هەر ئیخۆیەتی و پێشکەشی دەکەم؛ بەڵام لە پێشانگاکەم دا"

زۆرررررری پێخۆشحاڵ بوو، تێر لە ئامێزی گرتم و گوتی: "بڵێی بگەمە پێشانگاکەت!؟" گوتم: "پێشانگا مەگەر بێ تۆ پێشانگا دەبێ؟!" چاوی بڕێوە کارەکە و بۆ ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو. گوتی: "گوڵی گیان نەمرم بۆ ئەو کارانەت چیرۆک دەنووسم، ئەو کارانەی کە بەودواییانە کردووتن، هەموویان ئیلهامم دەدەنێ، بڕێک باشتر بم چیرۆکییان بۆ دەنووسم."

داخ و هەزار مەخابن گەڵای تەمەنی پڕ بەهرە و بەرەکەتی ئەو خاتونە ناسک خەیاڵ و خامە بە پێزە، زوو داوەری! ڕووحی شاد و یادی هەرمان.

✍ گوڵاڵە ستاوەند


RAWEZHISM